## خۆپیشاندانێک کە خۆمان پێی شەرمەزاربوین... ! سەرهات قەلاتی

هەر کاتێک بیرو چالاکی ی نوێ و سەردەم ببنە هۆکاری جولانەوەی رۆشەنبیری وئازادی خوازی گەلێک، گومان لەوە دانیە کە ئاسۆیەکی رون و پێشەرۆژێکی بەختەوەر چاوەروانی ئەو گەلە دەکات.

ژیان بە هەمو پێداویستیە کانیەوە بەرەو پێش چونی دورکەوتنەوەیە لە تاریکی و پاشەگەردانی، ئەو هۆکارانەی وا لە چینی رۆشەنبیردەکەن هەست بە لێپرسینەوە بکات پەنجە لەسەر خالە تاریک ودوا کەوتوەکان دابنێ رێگەی رۆشەن بە میلەتەکەی نیشان بدات بە سود وەرگرتن لە ئەزمونی میلەتان و عیبرەت وەرگرتن لە دواکەوتن وژێرکەوتنە کانی دونیای دەوروبەر، دیارە کە هۆکاری ئەکتیف وپۆزەتیفن.

لەم روانگەیەوە هەست بە جولەیەکی نەزۆکی تاریک پەرست دەکەم لەژێر بە ژێرەوەی پشت پەردەکانی شانۆی روداوەکانی میلەتەکەم دا.

کاتێک دەبەنگی چینی رۆشەنبیر یا باشتر وایە بلێین کۆمەلێک لە چینی رۆشەنبیرانی گەلە کەم بگاتە ئاست ئەوەی نەفامی وبێنمەکیی لەئاستێک دا بێ، بە فیتی ناحەزو دوژمنانی حەشاردراو لە پێستی فریشتەدا کۆنترۆل بکرێو، بینخاتە گەر بۆ مەرامەکانی، خۆپیشاندانیان پێ ساز بکا دژی وولاتێک کە بە هەزاران کیلۆمەتر مان لێوە دوربێ، بۆ بابەتێک نەلە دور نەلە نزیکەوە پەیوەندیی بە کەلتور و مێژومانەوە نەبێ، ئەو وولاتە هیچ رۆژێک زیانی بە ئێمەوە نەگەیاندبێ، وولاتێک کە هەردەم بۆ میلەتەکەمان پەناگە و دالدەدەری لێقەوماوانمان بێ، هەردەم پشتگیر وپالپشتی داخوازیەکانمان بوبێ دەبێ لە پای چی و بە چ روێکەوە ئەم خۆ پیشاندانەی هەولێر وسلیمانی سازبکەن؟

من بە بەشداربوانی ئەو خۆپیشاندانانە دەلێم ئەوانەی ئێوە بەو خۆپیشاندانانە پشتگیریان بۆ دوپات دەکەنەوە، لەکوێ بون کاتێک ١٨٢ هەزار لە رۆلە سقیلەکانی گەلەکەتانیان بێ سەروشوێن دەکرد؟ لە کوێ بون کاتێک ٥٠٠٠ گوندی زێدی بابو باپیرانتانیان بە مزگەوتەکانیانەوە خاپوردەکرد؟ ئەمەو پێیان دەلێم کاتێک میلەتەکەتان لەسەردەستی داگیرکەران رۆلەکانیان وەکو شەهید شوانە وئەوانیترلە مەهابادی کوردستانی رۆژهەلات دوای لەسێدارەدانیان بەدوای سەیارەوە دەکران، دور لە نەریتی مرۆڤایەتی بەناو شارەکاندا دەیان گیران. لە شەمزینانی کوردستانی باکور بە نارنجۆک خەلکی بێ تاوان رەشەکوژ دەکران. لە قامیشلیی کوردستانی رۆژئاوا لە ناو شەقامەکان خەلک گولە باران دەکران، ئێوە بۆ نەدەرژانە سەرشەقامەکان و خۆ پیشاندان ساز بکەن؟

دوبارە بەو گەنجە بیر ژەنگاویانە دەلێم ئەو مۆرە رەشەی بەنێوچەوانی خۆتانەوەنا پیرۆز، شەرمەزاریتان روەو خانەوادەتان، گەر لەگەل بۆچونەکانتان هاو بیربن، نمەکی خاکو میلەتەکەتان بتان گرێ! کەسێک بۆ میلەتەکەی خۆی مال نەبێ بۆ بێگانەش نابێتە مال، گەر بە و خۆ پیشاندانە وا بەخەلک نیشان دەدەن کە گوایە دلسۆزیتان بۆ ئیسلام وای لێکردن بپرژێنە سەر شەقامەکان. من پێتان دەلێم: ئەو ساتەی میلەتەکەتان جەستەی دە کەوتە ژان، ئەوسا تۆزێک غیرەت بتانی گرتبا بۆ میلەتەکەتان برژابانە سەرشەقامەکان تا سەر بەرزی ناو میلەتەکەتان وەدەست هێنابا نەک ئافەرینی داپلۆسێنەران وداگیر کەرانی خاک و کەلتورو مێژەکەمان.

14-02-06

qelaty@hotmail. com